# بوەستە تارژەن بوەستە

کەریم دەشتی



ئەوەتا پەیکێکە دەبینم
ڕێ ڕێ بۆنی دەرواو گوڵەپەمۆکان دەخاتە سەما
سەمایێ کە هەڵدەکا
ئاگرە دوورەکانی دڵمان گەش دەکاتەوە
سەمایێ کە خامۆش دەبێ
یادەوەریمان بیردەباتەوە
لەو سەرەوە کچێ خۆی و قاپە شەرابێکی هەنگوینی
کە تازە ئاسکێ چەند قومێکی لێدابوو
وەک شێت بەناو دەشتاییەکاندا دەسووڕایەوە
دەگەڕایەوە ئەشکەوتە دوورەکانی تەباری خۆی.
شەرابێ ئەوکاتە گوڵی مەستی دابوو
کە کچەکان لە ئورۆکەوە
لەبەردەم جوانیدا شل بووبوون
من ئەو دەمە لە باخێکی ئێرەدا
فرینم لە باڵی تاووس هێنابوو
بینینم لە چاوی قرژاڵ
خەمگینیم لە ڕوخساری مامزێ
کە لە بنارێکی قووڵەوە
دادی خۆی بەخوا دەسپێرێ
هەر لەو شوێنە
لەوێ کە سەدای تار دەمار دەمار
لە گیانی کەون دەگەڕا
بڕیارمدا ئەو نەوایە هەڵڕژاوانە کۆکەمەوە
باقەیێکی بدەم بە قوڵینگەکان..
بەدنیایدا بگێڕن
سینگ و مەمکی درەختەکان ئاشکرا بکەن
بڕیارمدا ئەو نەوایە کۆکەمەوە
باوەشێکی بدەم بە با
بەناو کۆڕەوی کچە جوانەکانی چیای دابەش کەم

ئەوان کە لە لێواری کاستێلیا
گوڵەشەبەقی خۆیان بۆن دەکەن
خۆیان بەڕۆنی تازە فەریکی جەنجەفیل چەور دەکرد
ئەی خودا... با هەڵڕژێ ئەو نەوایە
کە لە ناو تەمتومانێکی زۆر دوور
دەمی هەموو کۆنەبرینەکانم دەکاتەوە
پیاوان دەباتەوە سەر زێیە دوورەکان
گەڕان بەدوای ئاوی جاویدانی
ژیان دەباتەوە مەیخانەو
مەلەکان دەگەڕێنێتەوە دارستان
مردووەکان هەڵدەسێنێتەوە
دوای پارچەیێ سەما دووبارە هەڵدەوەرێنەوە
ئەی خودا... چەند لە شەوانی درێژی ڕۆح دەچێ
کە لە تاو ڕاڕایی ئەڤیندا جوانییەکانی خۆی ون دەکا
چەند لە داخی هەڵەکۆک دەچێ
کە لەژێر نواڵەی بەفردا
چاوەڕوانی بینینی جوانییەکان دەکا
هاوارم کرد.... ئەوکاتە غەرقی ئاتوونێکی
کۆنینەی موغەکان بووبووم
کە کوپەیان بۆ گۆڕی خۆیان دروست دەکرد
هاوارم دەکرد..
ئەی با... ئەی با ئەوەندە بەلەز هەڵمەکە
با لەنێو خەمگینی ڕێ ڕێ سەرهەڵگرتووی ئەم نەوایەدا
نهێنییەکانی سەمای ئاگرین ون نەکەم
هێندە هاوارم کرد
هەتا بە ئاستەم چریکەم تێکەڵی
پەنجەی تارژەن بوو...
ئێستاش لەهەر شوێنێ درەخت چرۆ بکا
لە هەر شوێنێ قومە ئاوێ تێکەڵ بە بەژنی گیا ببێ
کە گوێم لە دەنگی تار دەبێ..
چریکەی خۆم دەناسمەوە
سەراپا ئەو جەستەو ڕۆحەم تارومار دەبێ..
خۆم دەبینم ورد ورد تێکەڵی خۆڵ دەبم
دەبمەوە خاکی سەرەڕێ
خۆم دەبینم هەموو فەسڵی دەروبواران
گیا لەسەرم شین دەبێ..